من قسە لەسەر وردەکارییەکانی فێڵەکانی ی. ن. ک لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا ناکەم. ئەوی بە دوای ئەو وردەکارییانەدا وێڵە، با پێوەندی بە هەردوو حیزبی شیوعی، کوردستان و کرێکارییەوە بکا، لای کەم ئەو دوو لایەنە دەوێرن، پەچەی سەر رووی ساختەکان هەڵبدەنەوە.

مارکس پێی وابوو، لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا بەستەڵەکی جیاوازییەکانی نێوان گوند و شار دەتوێتەوە. تا دوو هەفتە لەمەوبەر کەسانێکی زۆر ئەو پێشبینییەیەی مارکسیان بە زادەی خەیاڵێکی نەخۆش دەزانی. نایشارمەوە تەنانەت منیش هەندێ جار مارکسم لێ دەبوو بە شاعیرێکی رۆمانتیک. سوپاس بۆ یەکێتی کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، مافی دەنگدانی بە بەشێکی گرنگ لە گوندنشینەکانیش رەوا بینی، بەو هەنگاوەی خەوەکەی مارکسی هێنایە دی.

جاران بڕوام بە الطاهر وطار نەدەکرد کە دەیگوت: ‹ئەم هەفتەیە شەهیدان دەگەڕێنەوە،› باش بوو رەشەبای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان تەمی ئەو گومانەیشمی رەواندەوە، کاتێ یەکێتی لێ گەڕا، نەک هەر شەهیدان، بەڵکو ئەنفالکراوان، مردووان و ئەوانەیشی وڵاتیان بەجێهێشتووە، بەشداری دەنگدان بکەن. یەکێتی بەمە ئەوەیشی سەلماند: ئەوی رۆژێ لە رۆژان لە سەنگەری ویدا بووبێ، لە سەروەختی هەڵبژاردندا فەرامۆشی ناکات.

لە هەر وڵاتێ لایەن یان سەرۆکێ، لە هەڵبژاردندا رێژەی لە سەدا نەوەد و نۆ و وێرگول نەوەد و نۆ بهێنێ، لەوێ دیموکراتی بوونی نییە. یەکێتی تەلبەندی سنووری دوژمنکردی ئەم رێسایەشی بەزاند و هەڵاوێردنێکی ‹إستثناء› مێژوویی لەم بوارەیشدا تۆمار کرد، کاتێ لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لە سەدا سەد و وێرگول یەکی هێنا. ئاخر ژمارەی ئەو دەنگانەی یەکێتی بە دەستی هێنا، لە ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، هەڵکشاوتر بوو. تۆ لەوەی گەڕێ لە سەدا چەند، دەنگی بە یەکێتی نەداوە و چەندی دیکەیش هەر بەشداری هەڵبژاردنی نەکردووە.

یەکێتی لە کاتێکدا ‹نامە›ی هەڕەشەی نانبڕینی بۆ ئەوانە دەنارد، کە گومانی ئەوەی لێ دەکردن دەنگ بە لایەنەکانی دیکە بدەن، پەیامێکی هێمن و دۆستانەیشی بۆ رژێمی عێراق نارد و لە دروشمی رووخاندنی سەددام، پاشگەز بووەوە. ئەم ‹عەشرەت هاوارە›ی سکرتێری یەکێتی، بێ وەڵام نەمایەوە و لە رێی رۆژنامەی ‹القدس العربي› یەوە، شێرەکوڕانی عەشیرەت:‹هاروون محەمەد و کوبەیسی› هەر زوو بە دەنگ هاوارەکەیەوە چوون و کارتی داوەتنامە بۆ بەغدایان


KOÇER www.dengekurd.com

بۆ ڕەوانە کرد.

پاسۆک یادی بەخێر، پێنجوێنی پێ ڕزگار نەدەکرا و داوای ئازادکردنی پێنج پارچەکەی دەکرد. ئەگەرچی ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا، یەکێک نییە لە ئەرکەکانی حیزبە کوردستانییەکان، بەڵام مانەوەی ئەو بەشەی کوردستان بەم شێوەیەی ئێستای، کە نە وڵاتە و نە بەشێکیشە لە وڵاتێک، لە گەڕانەوە بەرەو ئامێزی ڕژێم، گەلێ باشترە.

ڕاستە داهاتووی کوردستان ڕوون نییە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ لای بەغدا، چارەنووسی کورد لێڵتر دەبێ و پرسی کورد لە کێشەیەکی نێودەوڵەتییەوە، دەبێتەوە بە مەسەلەیەکی تایبەت بە عێراق. بەعس لە تەنگانەدایە، مێژوو لەوانە نابوورێ، کە بە هەر بیانوویەکەوە دەستی هاوکاریی بۆ درێژ دەکەن. ئەوی بۆی ناکرێ گوڕێ بە ڕووخاندنی ڕژێم بدات، با لای کەم، ڕێز لە لەشکری خۆبەختکردووان بگرێت و نەبێتە کۆسپ لەو ڕێگە پیرۆزەدا.

2000. 02. 19


KOÇER www.dengekurd.com